# یادەوەری برین هەوڵێک بۆ هێنانە گۆی پانتاییەکی نادیار

**دڵشاد مستەفا رەحیم** بەشی فیلمسازی، کۆلێژی هونەر، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، هەریمی كوردستان-عێراق.

**ئیمەیڵ:** dilshad.razawa@univsul.edu.iq

## پوختە:

هێزی بێدەنگی لەگەڵ ئەوەی دەچێتە خانەی گوتارێکی نادیارەوە ، هەندێک جاریش دەگاتە ئاستی کوشتنی ئەو هەلەی لەبەردەم کردنەوەی کۆدی نادیاردا دەستبەر دەکرێت . بۆیە قسەکردن لەسەر پانتاییەک کە بەشێکی ئەوەی تێیدا وتراوە جگە لە گێڕانەوەیەکی کاڵ و سادەی چیرۆکی برین زیاتر نییە دەرفەتی ئەوە بە توێژەر دەدات قوڵتر ڕۆبچێتە نێو ژمارەیەک کۆنسێپتی خواستراو لە کایەکانی ترەوە بۆ راڤەکردن ، یان بۆ دروستکردنی ئارگومێنتێکی مەبەستگەرا لە راژەی خودی برین و کردنەوەی دەروازەی زیاتر بەرویدا. بەدەربڕینێکی تر ، بۆ دەرباز بوون لەتەوقی بێدەنگی دەبێت دەست بۆ تێرمی جیاواز بەرین تا لەبەردەم جەبری ئەودا بوەستین و سنورە بەهێزەکانی بکەینەوە . بۆ نموونە ، کاتێک سانا لە وێنەیەک دەروانین ، وەک ئەوەی خەیاڵمان لای ئەوە نەبێت کە خودی وێنە ( بەتایبەت فۆتۆگرافی) کردەی بە نەمری هێشتنەوەی ساتی چرکاندنە ، یان بۆ وەستاندنی زەمەنە لەو ساتەی کردارێکی دیاریکراو روو دەدات. قوڵ لەو دۆخە ورد نابینەوە کە وێنەکەی تێدا گیراوە بە هێندی ئەوەی سەرنجمان تەنها لەسەر سیمای فیگەرەکانە . ئەم سادە روانینە ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ تێنەگەیشتن لە زمانی وێنە ، ئەو زمانەی بە ئاسانی ئەو گوزارشتە ئاشکرا دەکات کە لەناخی کەسی وێنەگیراودا هەیەو پێمان دەڵێت ئەوەتا منیش لێرە بووم .

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئەو کۆدانە بدۆزێتەوە کە هێز دەدات بە وێنە لە دەربڕیندا تا بتوانێت یادەوەری برینێک بەرجەستە بکات ، دوای ئەوەی لە پرۆسەیەکی ورد داڕێژراودا لە نادیارەوە دەیکاتە دیارێکی بەرجەستە و لە ناوێناوە دەیگۆڕێتە وێناکراوە .

پەنا بردن بۆ وێنەی جوڵاو یەکێکە لە و رێگایانەی ئەم توێژینەوەیە هەوڵی راڤەکردنی دەدات لە میانەی کارکردن بۆ ڕەخساندنی دەرفەتێک لەبەردەم بریندا بۆ گوزارشتکردن لەخۆی . سینەما وەک ئەو هێزەی لەزۆرینەی سەردەمەکاندا ژمارەیەکی باش میکانیزمی لەبەردەستدایە بۆ گواستنەوەی برین لە دۆخی بێدەنگییەوە بۆ دۆخێکی تر. فاکتەری بەهێزی گۆڕینی دۆخی بێدەنگکراوە بەهۆی هێنانە گۆی ئەو پانتاییەی هێزی گوزارشتکردنێکی سادەی لەخۆی نییەوە تائێستا گێرانەوەکانی لەنێو زمانێکی سادەی بێهێزدا ماوەتەوە . هاوکات هاندانی برین بۆ متمانە کردن بەو نێوەندە لەرێی بەرهەمهێنانی نێوەندێکەوە کە جێی متمانە بێت، بە هۆی ئاست و کوالتی بەرهەمهێنراوەکانییەوە . ئەم هەنگاوە ئەرکێکی سانا نییەو کارکردنی زۆری دەوێت، چ لە ئاستی تیۆری بۆ ڕاڤەکردنی خودی نێوەندەکەوە میکانیزمی کارکردنی لەگەڵ بریندا ، چ لە پراکتیکدا بۆ بەرهەمهێنانی وێنەیەکی راستەقینە تا پێش هەموو کەس باوەڕ بە برین بهێنێت کە ئەوە فۆرمێکی راستەقینەیەو گوزارشتێکی ڕاستگۆیانە لەو دەکات.

**وشە سەرەکیەکان:** یادەوەری ، پانتایی نادیار ، سینەما ، بێ دەنگی .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## پێشەکی :

بەڵگە نەویستە کە دۆخی برین دۆخێکی ئاڵۆز و تاڕادەیەک بە تەمومژ دەورەدراوە ، بۆیە ئەو کاتەی هەر فاکتەرێک بۆ کردنەوەی ئەو دۆخە ئاڵۆز و داخراوە دەخەینە گەر پێویستیمان بە گەڕانەوەیە بۆ ئەزموونی ئەوانی تر، لانی کەم ڕوانین لە ئەزموونی هاوشێوە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو میتۆدەی دەتوانێت لە گەڕان بە نێو ئەو کایە ئاڵۆزەدا کۆمەکمان بکات . هەڵبەتە پرسیارکردن لە خودی دیاردەکە جۆرێ لە گومڕابوون بەرهەم دەهێنێت و نایکرێت لە تەوقی ئەو داخرانە دەربازی بێت ، بۆیە دەشێت پرسیارە جەوهەری و گرنگەکانی بۆ وردبوونەوە لەو دۆخە دەیانکەین پرسیارگەلێک بن لە هێزی ئەو نێوەندەوە سەرچاوە بگرن کە لە پرۆسەی پشکنین و دۆزینەوەکاندا هاوکاریمان دەکەن .

لە دۆخی کوردیدا ئەو دەمەی برین بە بێدەنگییەکی گەورە دەورەدراوە هێندەی تر شتەکان دەئاڵۆزێن بۆیە دەبێت بە شوێن میتۆدێکەوە ببین کە پێشتر لە دۆخی هاوشێوەدا تاقیکرابێتەوەو لانی کەمی ئەو کۆدانەی کردبێتەوە کە برین لە دۆخی نادیاری دەردەهێنن. کاتێک یادەوەریش وەک چەمکێکی تری نادیار دێتە کایەوەوە کارکردنی توێژەر دەچێتە شوێنێکەوە کە گەڕان بەناویدا لە جۆرێک لە گیانبازی دەچێت. خودی یادەوەری تا سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم کایەیەکی تایبەت بوو بە فەلسەفە وتا سەرهەڵدان وفراوانبوونی دەروونناسی ئەزموونی وبەریەککەوتنی لەگەڵ توێژینەوەی کلینیکی لە سەدەی بیستەمدا ئەوسا بوار بۆ زانستەکانی تر کرایەوە تا مامەڵە لەگەڵ یادەوەریدا بکەن و بەنێو نهێنییەکانی ئەو دنیایەدا گەران بکەن.

بۆیە مامەڵە کردن لەگەل یادەوەری برینە جۆربەجۆرەکانی جەستەی کوردی پێویستی بە جۆرێکی تر لە پشکنینە کە هێشتا نەکراوە، گەڕانێک کە بەکەرەستەی جیاواز لەوەی بیری لێکراوەتەوە ئەنجام بدرێت، کەواتە پەنا بردن بۆ ئەزموونێکی هاوشێوە یان لێک نزیک دەتوانێت لەو نیگەرانییە دەربازمان بکات .

لەو سۆنگەیەوە لە گەڕانێکی کەمدا دەتوانین بە سانایی بگەینە ئاکامی ئەوەی ئەزموونی بە وێنەکردنی هۆلۆکۆست، ڕونترین و سەرکەوتوترین ئەزموونە، لە هەردوو نێوەندەکانی ئەدەب و هونەردا ، بۆیە پەنابردن بۆ میتۆدی ئەو ئەزموونە ڕێگایەکی دروست و تاقیکراوەمان لەبەردەمدا والا دەکات . بەشێکی باش لەو گەلانەی بە هەمان ئەزموندا تێپەڕیون هەوڵیان داوە لە میکانیزمی کارکردن لەسەر هۆلۆکۆست سود وەربگرن و تارادەیەکی باشیش سەرکەوتوو بوون . هەڵبەتە مامەڵەکردن لەگەل ئەو ئەزموونە دوور لە ڕەهەندە سیاسی و وابەستەییە ئاینییەکانی ڕێگایەکی ڕۆشنترە لەوەی لەو گۆشە نیگا تەسکەوە کاری تێدا بکەین کا سالانێکی درێژ نەتەوەکانی دی وەک نەخشەرێگای مامەڵە بەشی زۆری گەلانی خۆرهەلاتی ناوەڕاستیان پێوە سەرقاڵ کردبوو.

هەرکات ئەو دۆخەی بەسەر جولەکەکانی هۆلۆکۆستدا هات لە قاڵبێکی مرۆیی دابڕاو لە ئاین و ڕەگەزدا تاماشا بکەین، ئەوسا دەتوانین باشتر بچینە نێو وردەکاری ئەو میکانیزمانەی بۆ گوزارشتکردن لەو دۆخە باکاربراون و سودی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

گەورەیان لەسەر ئاراستکردنی دیدی ئێمە بۆ بەرهەمهێنانی وێنەیەک کە بتوانێ برین بەکرانەوە و قسەکردن رازی بکات.

هەنگاوەکانی ئەم توێژینەوەیە لە راڤەکارییەکی تیۆرییەوە دەمانبات بۆ قسەکردن لەسەر ئەو بێ دەنگیەی دەوری برینی داوە، پاشان وردتر ڕۆدەچێتە نێو پەیوەندییەکانی وێنە و بێ دەنگی و دواتر ڕاڤەکارییەکی ورد بۆ کێشەی دیار و نادیار دەکات لەبەر ڕۆشنایی رای پسپۆران و بیریاراندا . هەنگاوی دواتر شیکردنەوەیەکی گونجاوە بۆ یادەوەری و قسەکردنە لەسەر میکانیزمی شیاوەی گۆڕینی یادەوەری بۆ وێنەی جوڵاو . دوا هەنگاو توێژەر دەچێتە نێو وردەکارییەکانی هێزی وێنەوە لە توانستی گوزارشتکردن لەوەی ڕویداوەو وکۆمەکردنی ئەندێشە لە بەرجەستەکردنەوەی ڕوداوەکانی نێو مێژوو. لێرەوە توێژەر دەگاتە ژمارەیەک دەرئەنجام و دەیانخاتە بەردەم خوێنەر و توێژەرانی دی تا ئەوانیش بتوانن هەنگاوی خۆیان لەو نێوەندەدا بنێن . هاوکات بەرچاوڕونییەکی باشتر دەدات بە فیلمسازی کورد دەربارەی پرۆسەی بە وێنەکردنەوەی یادەوری برین و ئەو ئاستانەی خودی برین لەلایەک و بینەریش لەلایەکی ترەوە بە تەماشاکردنی ئەو پرۆسەی بەرجەستەکردنەوەیە رازی دەکات .

## کێشە و ئامانجی توێژینەوەکە :

برینی کوردی ، تا رادەیەکی زۆر برینێکی بێ دەنگ یان بێ دەنگکراوە ، بەشی زۆری تەمەنی خۆی لە فەرامۆشیدا بەسەردەبات ، بۆیە لە گریمانی دۆزینەوەی نێوەدێکی دروست یان فاکتەرێکی گونجاو بۆ گۆڕینی دۆخی ئەو برینە لەڕێی هێنانە گۆی ئەو پانتاییەوە ، ئەگەری بە دیارکەوتنی دۆخێکی جیاواز لە ئارادا دەبێت .

بۆیە بۆ گەیشتن بەو ئاکامە ئەم پرسیارانە وەک گریمانی سەرەتایی توێژینەوەکە دەوروژێنین بە تا بزانین تا چرادەیەک لەو پانتاییەدا کار دەکەن. کامەیە ئەو پانتاییەی وێنە دەتوانێ لە نێو یادەوەری بریندا بیدۆزێتەوە تا سەرلەنوێ ولە فۆرمێکی جیاواز وسەرنجبەرتردا نمایشی بکاتەوە ؟ ئاخۆ یادەوەری دەتوانێ نەمربێت ؟ ئایا وێنە هێزی نەمرکردنی یادەوەری برینی هەیە ؟ داخۆ وێنە دەتوانێ یادەوەری برین بباتە ئاستێکی تر و لە شوناسی لۆکالێی دەربازی بکات ؟ کام کردەیە دەتوانێت خودێکی بریندار لە دۆخی نادیارییەوە بباتە دۆخی دیارەوە ؟ کامە هێز دەتوانێت برینێک لە جەبری بێ دەنگی و نادیاری رزگار بکات ؟

## سنوری توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە کارکردنە لەسەر ئەو یادەوەریانەی پێشتر لە فۆرمی چیرۆکدا قوربانی بۆ توێژەرەکانی تر یان بۆ دەزگا میدیاییەکانیان گێڕاوەتەوە و تا ڕادەیەکیش چیرۆکی ئاشکراو بڵاون ، بەڵام مامەڵەی توێژینەوەکە لەگەل ئەو پەنهانیانەدایە کە لەپشت دۆخی دیاری چیرۆکەکانەوەیە . شیکارییە بۆ گریمانێک کە دەشێت بوار بۆ قوربانی بکاتەوە خودی خۆی لە ڕێی وێنەیەکەوە جارێکی تر نمایش بکاتەوە و ئیدی سڵ لەوەنەکاتەوە کە برینەکەی تەڕ و ئاشکرابێت.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

کارکردنێکی راستەوخۆ نییە لەسەر کەیسێکی دیاریکراو بە هێندی ئەوەی مامەڵەیە لەگەڵ دیاردەی برین بەگشتی و برینەکانی ناو جینۆسایدی کورد بە تایبەتی.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

دۆخی توێژینەوەکە پێویستی بە میتۆدێکی گشتگیر هەیە تا بتوانێ مامەڵە لەگەڵ ئەو هەموو چەمکە لێک ئاڵۆزە بکات کە دێنە ناو کایە چیاوازەکانیەوە. بۆیە بۆ ئەم توێژینەوەیە پەنا دەبەینە بەر میتۆدی چۆنێتی ( کواڵتەتف) چونکە کار لەسەر داتا و ژمارە ناکەین و پەنا بۆ شیکاری دەبەین . بە جۆرە ناونانێکی تر مامەڵە بە میتۆدی شیکاری وەسفی دەکەین لە راڤەکردنی ئەو کۆنسێپتانەی دێنە ناو کایەکانی کارکردنەوە .

هاوکات دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە لە خودی توێژینەوەدا رێگەی detectiveبۆ چەند سەدەیەک گرنگترین رێگەی بەدەست هێێنانی مەعریفە بوو، تا ئێستاش بەشێکی باش لە توێژەران سود لەم رێگایە دەبینن . ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە هاوکاری ئەوەدەکات کە دراوەکان بەشێوەیەک دابڕێژرێن بەڵگەی حاشا هەڵنەگر بدات بۆ سەلماندنی راستی ئەنجامێکی دیاریکراو .بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەم شێوازە رێگەیەکی بە سوودە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری بەڵام تاکرێت بە تەنها پشتی پێ ببەسترێت بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی زانین . لەبەر ئەوەی ئەو ئەنجامانەی توێژەر لە رێی بیرکردنەوەی ئەنجامگیرییەوە بەدەستی دەهێنێت گەر لەسەر دراوێکی راستەقینە بنیات نەنرابێت راست دەرناچێت ، بۆیە لەم دۆخەدا توێژەر پەنا بۆ شێوازێکی تر دەبات کە بە Inductive دەناسرێت .لەم جۆرەیاندا توێژەر خۆی بەشوێن ئەو بەڵگانەوەیە کە هاوکاری دەکات بۆ دەربڕینی گشتاندنەکانی ، لە وردەکارییەکان ورد دەبێتەوە تا بگاتە گشتییەکان ، بۆیە ئەم شێوازە بە شێوازێکی دروستی گەیشتن بە دەرئەنجامێکی دروستتر ئەژمار دەکرێت .

لەو سۆنگەیەوە کارکردن لەم توێژینەوەیەدا لەسەر راستە هێڵێکی دیاریکراو ناڕوات و پەنا بۆ هەموو ئەو فۆرمانەدابات کە سود بەبەرەوپێشچوونی پرۆسەی بەرگوزارکردنی گریمانەکان وجێگیرکردنی ئاکامەکان دەگەێنێت.

## وێنە و بێ دەنگی:

بێدەنگی وەک زەبرێکی گەورە لە چواردەوری ئەو برینانە دروست کراون ، کە لەجەستەی هەلاهەلای تاکی کوردیدا هەن ، بێ دەنگییەک بەهێزێکی گەورەوە بەبەردەوام خەریکی سەرکوتکردنی ئەو خودەیە کە دەیەوێت لەرێی وێنەوە قسە بکات ، ئەو وشەی لێ قەدەغەکراوە ، بەڵام دەرفەتی خۆ نمایشکردنێکی تری لەبەردەمدایە کە گەلێک جار لە زمانی دەربڕینی وشە بەهێزترە. بەدرێژایی رۆژانی ڕودانی کارەساتە یەک لەدوای یەکەکان کەبەسەر ئەم نەتەوەیەدا هاتووە، ئەو تاوانانەی ڕووبەڕوی کورد لە هەرشوێنێکی دنیادا کراوەتەوە ،لەجینۆسایدە یەک لەدوای یەکەکانی نێو مێژووەوە تا دەگات جینۆسایدی ئەنفال و بە کۆتا هەڵمەتیش لەشەنگال و رۆژئاڤا و هەموو ئەوانەشی لەم رۆژگارەدا و لەدوای ئەوەش ،ڕوودەدەن کێشەی گەورەی کارەکتەری کوردی لەبەردەمیدا کێشەی ئەو بێدەنگیە بووە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

بەچواردەوری کارەساتا دروست کراوە. خەیاڵمان بۆ چ جۆرێک لە زەبر و زەنگ دەچێت، ئەندێشەی کام جۆر لە تاوان دەکەی بەرامبەر ئەم نەتەوەیە کراوە، بەڵام بەشێکی زۆر لە ولاتانی دنیا لەبەردەم ئەم برینەدا بێدەنگن . جەبری بێدەنگی ئەوانی تر وا ئەکات برین خۆشی بێدەنگ بێت. ئەم سکونە وا لەو برینە دەکات هەست بەوە بکات ئەم بیدەنگییە گوزارشت کردنی ئەوە لەخودی خۆی ، لە ئاریشە و ان و ئەو هاوارە تاساوەی نێو ناخی . بەڵام ئایا ئەمە تاچ ڕادەیەک راستە ؟ ئەو برینە لەکاتی بێدەنگیا ناکەوێتە ناو نادیارەوە؟ ناکەوێتە گۆشەیەکەوە کە گۆشەی بینین نیە! ناکەوێتە سوچێکەوە ئەم سوچە تەماشا ناکرێت؟! لەبەرئەوەی جەبری بێدەنگی ئەوانی تر وای لە برینەکە و ئێمە ش کە بەشێکین لەبرینەکە کردووە بێدەنگ بین، داخۆ ئەو جەبرە گوزارشتی راستەقینە لەدۆخی برین دەکات ؟ بەزمانێکی سادەتر کاتێک دنیا لەبەردەم ئەو تاوانانەدا بێدەنگە کەدەرهەق بەئێمە دەکرێت هێزی بێدەنگی ئەوان وا لەئێمەش دەکات بێدەنگ بین بەڵام ئایا ئەو بێدەنگ بوونەی ئێمە مافە یان جەبرە؟ ئاخۆ دەتوانین ئەو دۆخی بێ دەنگییە ناوبنێین بێ دەنگی بە زەبر سەپێنراو یان وەک ئەوەی ئیبراهیم مەحموود بە ( تیرۆرە بێ دەنگی) ناوی دەبات ( مەحمود : ٢٠٠٢ : ٥). لەو سۆنگەیەوە دەبێت وردتر لەو کایەیە بڕوانین ، چونکە جیاوازی لە نێوان بێ دەنگ و بێ دەنگکراودا گەلێک فراوانە . دۆخی بێ دەنگ کراو دۆخی پۆنگ خواردنەوەیەکی ناوەکییە کە هەردەم ئامادەیە بۆ ئەوەی ساتێک بدۆزێتەوە بۆ هاتنە دەرەوە لەو داخرانە ، بەبەردەوام دەگەڕێت بۆ فاکتەرێک ، نێوەندێک تا لەمیانەیەوە گوزارشت لەخۆی بکات . لەگەڵ ئەوەی ( مێژووی بێدەنگی قوڵتر ، دەوڵەمەندترو خرۆشێنەرترە لە مێژووی ئاخافتنی بیستراو ، لە نوسینی خوێنراوە ، یان هەر بەرهەمێکی بەدەقکراو یان ئەوەی گوزارشت لەخۆی دەکات بەهەر وێنەیەک بێت) (مەحمود : ٢٠٠٢ : ١٤ ) بەڵام لەو دۆخەشدا هێشتا بواری ئەوە هەیە کە قسەلەوە بکەین یادەوەرییەکی بێدەنگ کراو ، فەرامۆش کراو بەشوێن دەنگێک یان وێنەیەکەوەیە لە جێی ئەو بێتە گۆ.

ئاخۆ بۆ دۆخی کوردی ئەوە گونجاوە کە لێی گەڕێین لەناو بێدەنگی خۆیدا بمێنێتەوە .یان باشترین دەرفەت و نێوەند بدۆزینەوە تا کاراکتەری بێدەنگکراو خودی خۆی هەڵبژاردنی ئەوەبە باشتر بزانێت کە دەبێت ئەوەی نهێنی و کپکراوە ئیدی بەکپکراوەیی نەمێنێتەوە . چ نێوەندێک هێند سەرنجبەرە و بێدەنگراو ، یان بێ دەنگ خۆی بۆ گوزارشتێکی سانا و بێ ئەرک لەخۆی هەڵبژێرێت ، بەبێ ئەوەی پێویستی بەوەبێت بە پرۆسەیەکی چارسکەرو ماندووکەردا تێپەڕ بێت . رەنگە پەنابردن بۆ وێنە دروستترین ئامراز بێت لەبەردەمدا کە لەم سەردەمەدا خێراترین توانستی گەیاندنی هەبێت .

رادۆلف ئارنهایم و بیلابلاش ئەوە دەسەلمێنن کە وێنە پێویستی بە هیچ بێژراوێک نییە تا هاوکاری گەیاندنی مانای بکات بەڕادەیەک لە دیدی بلاش دا هاتنە ناوەوەی ووشە لە سینەمادا هەستی بینەر لە هەمبەر هێزی کاریگەربوونی قوڵ بە وێنەی بینراو کەم دەکاتەوە. بۆیە وێناکردنەوەی تراجیدیایەک کە لەنێو یادەوریدایە مەرج نییە پێویستی بە دەسەڵاتی هەژمونکارانەی وشە هەبێت .( فینتورا:٢٠١٢:٢٣)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

ڕاستە کورد لەدۆخێکدا ژیاوە حوکمەتە دیکتاتۆرە یەک لەدوای یەکەکان هێزیان بەسەردا سەپاندوە، بەڵام لەدوای دەرباز بوون وکرانەوە بەڕوی دنیادا ،بۆنموونە لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ کامەن ئەو توێژینەوە زانستیە ڕاستەقینانەی کە لەناو ئەو کایەدا کاریان کردووە؟ هەوڵ هەیە بەڵام کێ توانیویەتی بگاتە ئاکامی گرنگ؟ چەند هەزار توێژینەوە هەیە دەربارەی جینۆساید ؟کامانەن ئەو سەنتەرانەی جینۆساید کە توانیویانە لەناو یادەوەری ئەم برینە گەورەییەدا کار بکەن؟ کام پرۆسەی بە وێنەکردنەوەی یادەوەری ئەنجام دراوە ؟ ئاخۆ ئەوەی دەربارەی ئەنفال و تەواوی هەڵمەتەکانی تری جینۆساید کراون ، گوزارشتی ڕاستەقینەبوون لەخودی برین ، یان جۆرێکی تر فرێدانەوەی برینە بۆ نێو فەرامۆشییەکی ئاڵۆزتر . گرنگە بەو دەرئەنجامە بگەین کە وێنە چ فریادرەسێکە بۆ یادەوەری ، تاچەند دەتوانێ لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تری بەرێت ؟.

هەندێک جار زۆر سادە لەوێنەیەک دەڕوانین کە لەبەردەمماندا گوزارشت لە کارەساتێک دەکات ئەوەی خەیاڵمان لای نیە خودی وێنەکەیە یاخود ئەو خودەیە لەناو وێنەکە بەرجەستە دەبێت. ئەو خودەی هەوڵی نەمرکردنی خۆی دەدات لەمیانەی بەرجەستە کردنی وێنەوە، یان بۆ وەستاندنی زەمەنە لەساتێکدا کە کردارێکی دیاری کراو ڕوو بدات ، بۆیە دۆخی گرتنی وێنە یاخود دۆخی بەفۆتۆکردنی ڕوداوێک، کارەساتێک ،هەرشتێک لە دنیا ڕوودەدات کۆمەڵێک پێناسەی جیاوازی لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوە. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە زمانی وێنەیە ، زمانی وێنە چەند بەسانایی دەتوانێ گوزارشت لەناخی ئەو کەسەی لەناو وێنەکەدایە بکات؟ ئایا وێنە گرتن ساتی فۆتۆ ئەتوانێ گوزارشتێکی دروست بێت لەناخی ئەو کەسەی لەناو وێنەکە و ئێمە ئەیبینین یاخود ئەمە تەنها بۆ ئەوەیە برین، ئەو برینەی وێنە دەگرێت پێمان بڵێت ئەوەتا منم لێرە وەستاوم.

هیچ کات کاراکتەری کوردی خۆی دۆخی بێدەنگی وەک ویستی خۆی هەڵنەبژاردوە ، بەبەردەوام ئەو لەبەردەم مەترسی لەناوچونی هەتاییدا بێدەنگ بووە یان بەواتایەکی ڕاستەقینەتر بێدەنگ کراوە ، بۆیە لەدەرفەتی ڕاماڵینی لەمپەرەکانی بەردەم ئەو بێدەنگ کردنە ، دەشێت خۆی بداتە دەست فاکتەرێک کە هێزی شکاندنی ئەو تەلیسمەی هەبێت و وەک کەسی ناو وێنەیەک ئەویش هاواری بوونی خۆی بکات .

هەرکات لە وێنەیەکی بێ دەنگ دەڕوانین ئیدی وا دەزانین لەو دیو ئەو دنیایەوە شتێک نییە بۆ وتن ، فیگەری ناو وێنەکە نایەوێت هیچمان پێ بڵێ و چاوەڕوانی دیدی ئێمەیە بۆ ڕاڤەکاری ، بەڵام لە گەڕانێکی ورددا لەوە تێدەگەین کە کاراکتەری بێ دەنگکراو دنیایەکی فراوان لە وشەی هەیە ، سەرڕێژە لە خواستی وتن ، ئەوەی ڕێ لەوە هاتنە گۆیە دەگرێت ، نەبوونی هێزی دەربڕینە بە وشە بۆیە دوای ئەوەی لە دۆخی سەرەتای بریندا بە زەبر بێ دەنگکروە ، لە دەرفەتەکانی کرانەوەدا پێویستی بە هەنجەتێکی بەهێزە بۆ قسەکردن ، زمانێک بتوانێ ئەوەی لەنێو ئەودا پەنهانە ئاشکرای بکات ، بۆیە ساناتر پەنا بۆ وێنە برێت ، وێنەیەکی بێدەنگ کە لەڕاڤەکارییەک زیاتر هەڵبگرێت و ئەو لە دۆخێکی تاک ڕەهەندا قەتیس نەکات . گوزارشتەکانی جەستەی وەک بەشێک لە دەربڕینی هێمایی لەرێی وێنەوە ساناتر دەگاتە ئەوانی تر و زمان نابێتە لەمپەر لەبەردەم تێگەیشتنی ئەوانی تردا چونەک زمانی ئاماژە زمانێکی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

فراوانتر و جیهانیترە . بۆیە بانگهێشتکردنی وێنە بە هەموو فۆرماتەکانیەوە بۆ پانتایی گوزارشتکردن لە بێدەنگی ، باشترین هۆکارە بۆ گرێدانی پردی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تر .

## کێشەی نادیار : یادەوەری دیار و نادیار

نادیار لەخودی دیارەوە دەست پێدەکات هەرکاتێک دیاری نادیار شرۆڤە بکەین پێویستیمان بەوەیە مامەڵەیەکی دروست و ورد لەگەڵ پانتایی دیاردا بکەین تا بتوانین لەبەردەم ئاوێنەی دیاردا نادیار کەشف بکەین.

کاتێک کە برین فرێ دەدەینە ناو نادیارەوە ئیدی دۆخێکی ئاڵۆزتر دەخولقێ بۆ ناسینەوەی ، بۆ نموونە ئەو دەمەی جینۆساید دەخەینە گۆشەیەکی نادیارەوە ، بۆ ڕاڤەکردن و ناسینی ئەو نادیارە دەبێت دیارەکە بناسین. مانای دەبێت ئەو فاشیزمە بناسیت کە نادیارت بۆ دروست دەکات. کە فاشیزم و ڕەفتاری فاشیزم بۆخۆی دیارێکی بەرجەستەیە. مێژووی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی بەرچاو کاری لەسەر فاشیزم کردوە ودەتوانین لێرەدا ئاماژە بە هەندێک بدەین (Hana Arent 1973)( Robert O. Paxton 1998)( Zeev (Renzo De Felice 1976) (Sternhell 2008.هاوکات ئەو سستەمە تۆتالیتارییەی زەبرو زەنگ شوناسێتی و ساڵانێکی زۆر حوکمی عێراقی کردوە دەکرێت وەک دیار مامەڵەی لەگەڵ بکەین ، چونکە ئەویش لە توێژینەوەی گرنگ بێبەش نەبووە ، چ وەک چەمکێکی گشتی وچ وەک تایبەتمەندی مامەڵەی لەگەڵ کراوە . لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە کەنعان مەکییە و توێژینەوەکانی بکەین ، لە( کۆماری ترس ) و ( دڵرەقی و بێ دەنگی) دا .ژمارەیەک لە نوسەرانی کورد لە گۆڤارەکانی ئازادی و ڕەهەندا هەوڵی هێنانە کایەی جۆرێک لە خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ دۆخی جینۆساید دا ، بەڵام لە ساتێک و لە سنورێکدا وەستاو ئیدی لەدوای ئەوەوە هیچ جۆرە هەوڵێکی تر بەو مەبەستە و بەو هێزە تیۆرییەوە دەرنەکەوت . بۆیە پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا لە دنیای کوردیدا لەدوای ئەم هەوڵانە تا چەندێک کار لەسەر ئەم ڕەفتارە کراوە؟ ئەی ئاخۆ لەدەرەوەی ئەو مامەڵە تیۆری و ڕاڤەکارییە ، تا چەند مامەڵەیەکی دروست لەسەر وێناکردنەوەی ئەم ڕەفتارە لەناو بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکانی کورددا کراوە؟ تا نێوەندێک بەرهەم بێت کە تێیدا نادیار بانگ بکرێتە ناو دیارەوە و لە بەردەم ئاوێنەی دیاردا بتوانرێت نادیار کەشف بکرێت و پیشانی ئەوانی دی بدرێت ؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە و تا ئەو ڕادەی من لی ورد بومەتەوە و پێشتر لە تێزی دکتۆرادا کارم لەسەرکردووە ، هەموو ئەو هەوڵانەی لە نێو کایەی هونەری کوردیدا وەک فیلم بەرهەمهاتوون بۆ ئەوەی ئیش لەسەر ئەم دیاردەیە بکەن نەیانتوانیوە نە کار لەسەر دیار بکەن بەو شێوازەی کە پێویستە، نە کار لە نێو نادیار بەوشێوە دروستە کراوە کە بتوانێت نادیار بهێنێتە گۆ ، یان دۆخەکەی بگۆڕێت .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

هەڵبەتە گەر ئەمە وەک دیاردەیەکی جیهانی تەماشای بکەن دەبینین تایبەت نییە بە کورد و لە زۆر کەیسی هاوشێوەدا هەیە ، ئەوەتا سۆسۆلۆجستی نێودار ( سیجیڤ )قسە لەسەر ئەوەدەکات کە تەنانەت لە دۆخی هۆلۆکۆستیشا ئەو برینە تەنها بۆ نەوەی یەکەم کە خۆی ڕاستەوخۆ بەر کارەساتەکە کەوتووە دیاردەیەکی زیندوو بووە( تەنانەت لە ئیسرائیلیش کۆیادەوەرییەکی هۆشیارانە مەحاڵ بوو تا کایەیەکی گونجاو هاتە گۆڕێ. هۆلۆکۆست تا دوای چل ساڵ لە جەنگ نەبۆتە کۆ یادەوەری) ( ,Segev:1993:34).

بە دڵنیایی ئەم دۆخە بەردەوام بوو تا ئەو کاتانەی دەرهێنەری فەرەنسی ئالان رینیە دێت و فیلمێک دەربارەی هۆلۆکۆست دروست دەکات بە ناوی ( شەو وتەم ) ساڵی ١٩٥٤ . لەدوای ئەو مێژووەوە وردە وردە ئەو نەوەیە تێدەگەن کە کارەساتێک ڕوویداوە و دەبێت لە فۆرمی جیاوازی هونەریدا بەرجەستە بکرێت تا ئەو مافەیان بداتێ بتوانن وەک برینێکی کراوە لەناو دیارێکدا قسەی لەسەر بکەن و لەناو نادیارا نەمێنێتەوە. لەو کاتەی لۆبی یەهودی خۆی بە هێز و گوڕێکی جیاوازو هۆشیارانەوە چووە پشت ئەم تیزەی سیجیڤەوە ئەوسا توانیان هۆلۆکۆست وەک کۆنسێپتێکی جێگیر لە فۆرمێکی هونەری سەرنجبەردا بەرجەستە بکەن ، بەشێوەیەک هۆڵۆکۆست بووە بە بەشێک لە یادەوەری ئێمەش، بە ڕادەیەک کاری دروست و مەبەستگەرایان لەسەرکرد و جۆرەها کایەی هونەری و ئەدەبی جیاوازیان بۆ تەرخان کرد تا دواجار بووە یادەوەریەکی کۆسمۆپۆلیتان . ئەم کردەیە یە یادەوەری بە بەردەوام بە زیندووی دەهێڵێتەوە لە پرۆسەیەکی وردی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ڕابردوودا ، یان جارێکی دی نمایشکردنەوەی رابردوودا لە فۆرمێکی هونەری دروستدا ، یادەوەری لەناو نادیارەوە هەڵیدەگرێت بۆ ناو دیار.

لە دۆخی هەر مامەڵەکردنێکی زانستیانە بۆ ناسینی یادەوەری، دەگەینە ئەو بڕوایەی کەڕاستە ئێمە لەبەردەم جۆرێک لە پەنهاندا دەوەستین ، جۆرێک لە ئالۆزی و بەیەکداچون ، بەڵام دەبینین دنیایەک تیۆری جۆراو جۆر لە بوارەکانی سایکۆلۆجیا و سۆسۆلۆجیا دێنە پێشێ تا کۆمەک بەهەر جۆرێک لە گەڕان و پشکنین و تاڕادەیەکیش بەرگوزارکردنی ئەو پانتاییە لە دیدێکی ترەوە بکەن . دەشێت لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لەو پێناسانە بکەین کە یادەوەری دەناسێنێت بەوەی (کۆی گشتی سستمگەلێکی بایلۆجی و دەرونییە زانیارییەکان کۆددەکات و هەڵیاندەگرێت و سەرلەنوێ دەیانگەڕێنێتەوە و لە رستێک ئامێر پێک دێت کە بە سستمی پەیوەندی دەرەکی تاکەکانەوە بەستراوە) :147 ) Lieury) :1997لە (عبدالقادر عیاد: ٢٠١٦) . یان ناساندنی بەجۆرێکی تر یادەوەری ( تۆمارێکە وەردەکاری ئەو زانیاریانەی تێدایە کە لەڕێی پێنج هەستەکانمانەوە دەستمان دەکەوێت . هاوکات شوێنی چارەسەرکردنی زانیاری و ڕێکخستن و گۆڕینێتی بۆ هەندێک جۆری تر کە دەشێت جیابکرێنەوەو درکیان پێ بکرێت و لێیان تێبگەین )(دروزة ، ٢٠٠٤ :٦٠ ) لە هەندێک رای تردا بەر جارێکی تر دووپاتکردنەوەی ئەو ئەرکە دەکەوین کە یادەوەری لە ئەستۆی دەگرێت و جۆرێک لە شوناسیش هەر لەو ئەرکەوە سەرچاوە دەگرێت. لەو جۆرە بیرکردنەوانەدا ( مەبەست لە یادەوەری توانستی یەکانگیر بوونە لەگەڵ زانیارییەکان ، و سستمی هەڵگرتن و ڕێکخستنی زانیاری و پاشان


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

گەراندنەوەیان لەکاتی پێویستدا دەگریتەوە)(خطاب و الحدیدي : ٢٠٠٨: ٣٧) هاوکات لەگەڵ ئەوانەدا بیریارانی دی دێن و بەتەنها یادەوەری لەو چوارچێوە سایکۆلۆجی و فیسیۆلۆجیانەدا قەتیس ناکەن و رەهەندی قوڵتریان پێ دەبەخشن ، و لە هەوڵی ئەوەدا ن کە بەرەو مانای جیاواز بیان بەن ، بەو ڕادەیەی گادامیر دەگاتە ئەو بڕوایەی بڵێت (ئیتر کاتی ئەوە هاتووە دیاردەی یادەوەری لەوە دەرباز بکەین کە بەتەنها توانایەکی دەروونییە ، و دەبێت وەک رەگەزێکی بنچینەیی لە بوونی مێژوویی مرۆڤدا لێی بڕوانرێ)(Hutton: 1993: 14).

هەڵبەتە پێنانە ناو کایەکانی ترەوە بۆخۆی جۆرێک لە نادیار کردنە ، جارێکی تر ون بوونە لەناو نادیارێکی تردا کە شوێنی تۆ نیە، کایەی تۆ نیە، پانتایی تۆ نیە تا تیادا بەئاسانی بجوڵێت. بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاوبێت کە بۆ سینەما کایەی تر، شوێنی تر ئەو پانتاییە کراوانەن لەمپەریان نامێنێ و ئەو دەتوانێ پێبنێتە نێویانەوە ئیشی وردیان تێدا بکات.

گەر گریمانی ئەوە بکەین کە یادەوەری لە روی فیسیۆلۆجییەوە خۆی لەناو جۆرێک لە پەنهانا حەشارداوە ،ئەدی چ جۆرە مامەڵەیەک دەتوانێ دەست بۆ ئەو پەنهانە بەرێت ؟ بە مانایەکی دی گەر خودی برین نەیەوێت لەو بێ دەنگییە بێتە دەرەوە چ جۆرە ئاستەنگیەک دروست دەبێت ؟ کەواتە دەبێت ئەو زەمینەیە بۆ برین بڕەخسێ کە خۆی تێدا نمایش بکات . ئەی چ کاتێک یادەوەری دەیەوێت لەنادیارەوە پێ بنێتە خانەی دیارەوە؟ ئاخۆ ئەو میکانیزمە چی یە کە وا دەکات یادەوەری لەنادیارەوە پی بنێتە خانەی دیارەوە ؟ یادەوەری دەیەوێت ببێتە وێنە یان نایەوێت ببێتە وێنە؟ گەر لێی گەڕێین یادەوەری وەک ئەوەی هەیە خۆی نمایش بکات ئاخۆ دەگەینە ئەوئاستەی کە هۆلۆکۆست پێی گەیشتوە ؟ بەدڵنیایی نەخێر . چونکە نمایشکردنی برین خۆی بەبێ دۆزینەوەی میکانیزمێک یان کایەیەکی ئەفرێنەرانە گەلێک زەحمەتە ببێتە جێی سەرنج .

گەر ئاشکراترین پێناسەی یادەوەری وەربگرین و بڵێین یادەوەری رستێک وێنەی بەیەکدا هاتوون کەلەڕابردوودا تۆمارکراون و ئیستا دەیانەوێت ئەکتیڤ ببنەوە و بکەونەوە ئیش کردن . پرسیاری جەوهەری لەم دۆخەدا ئەوەیە ئاخۆ چ کاتێک ئێمە ئەتوانین ئەم مامەڵەیە لەگەڵ یادەوەریدا بکەین؟

بەدڵنیایی پێویستیمان بە زەمینەیەکە یادەوەری بانگ بکاتە ناو دیارێکەوە کە ئەو یان ئەوی تر بە سانایی وەری بگرێت ، ئەو دۆخەش بە هەموو پێودانگەکان دۆخی گێڕانەوەیە . گێڕانەوەیەکی سارد و بێ مەبەست نا ، بەڵکو لەنێو کایەیەکدا کە خۆی مەبەست گەرابێت . هونەر بەگشتی و سینەما لە نێویدا ئاکتێکی مەبەستگەرایە . بۆیە پەنا بردن بۆی هەنگاوێک لە گەیشتن بەو ئامانجە نزیکترمان دەکاتەوە .

میکانیزمی گۆڕینی یادەوەری :

بۆ شرۆڤەکردنی ئەو پرۆسەی گۆڕانکارییە دەبێت بچینە نێو قۆناغێکی تری کارکردن لەسەر ئەو دۆخە کە قۆناغی گێڕانەوەیە ، بەڵام پرسیاری یەکەم کە دێتە بەردەممان بەو دەربڕینە دەست پێدەکات: گێرانەوەی کێ ؟ کێ دەتوانێت بمانخاتە سەر کەڵکەڵەی گوێگرتن لە گێرانەوە ، ئایا ئێمە لە بەردەم گریمانێکی واداین کە بمانگەێنێتە ئەو بڕوایەی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

دەبێت برین بکەوێتە گێڕانەوەی خۆی؟ یان دەبێت دۆخێکی وا بخولقێنین کە برین والێبکات بکەوێتە قسە کردن لەسەر خۆی، چونکە کاتێک برین کەوتە قسە کردن لەسەر خۆی دەرفەتێک بۆ توێژەر دەکاتەوە لانی کەم خاڵەسەرەکیەکانی ئەوەی ڕوویداوە وەربگرێت و دواتر دەشێت ئەم خاڵانە بخرێنە چوارچێوەی بونیادێکی گێڕانەوە ( Narrative structure) کە ڕەنگە لە سادەترین دۆخدا چیرۆک بێت. چونکە ئەودەمەی برین لەو دۆخی داخرانە رزگاری بوو و توانی خۆی بخاتە قاڵبی گێڕانەوەیەکی کراوەوە_ نموونەی چیرۆک_ ئیتر لە دوایدا کایەکانی تر ئاسانتر دەتوانن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن . هەڵبەتە توانای ئەدەب لە گۆڕینی وێنەی واقیعی بۆ وێنەی زەینی نکۆڵی لێناکرێت ، بەڵام لەسەردەمی گەشەکردنی وێنەدا ئیدی بواری گوزارشتی بەهێزتر لەبەردەمماندا والایە . دۆخی گوزارشتکردن دەشێت لە زمانی نوسینەوە بگوڕرێتە زمانی وێنە لە کاتێکدا زۆرێک لە بیریاران لەسەرئەوە کۆکن کە وێنە دەتوانێ بەهێزتر لە وشە گوزارشتەکان بۆ ئەوی دی بگوێزێتەوە ( بیلا بالاش 1970 ،رادۆلف ئارنهایم 1969).

بەشێکی تری هەنجەتی دۆزینەوەی کایەیەکی تر بۆ گوزارشت خۆدزینەوەیە لەوتوانایەی ئەدەب بۆ خولقاندنی جۆرێک لە فەنتازیا هەیەتی کە دەشێت وێنەکە لەواقیع دوور بخاتەوە . گریمانی ئەوەش لەبەرچاو دەگرین کە ژانری ئەدەبی ریالیستیش بواری ئەو گوزارشتە لە واقیعی هەیە .

ساناترین راستی ئەوەیە کە دەبێت لەبیری نەکەین یادەوەری هەر برینێک یادەوەری تاکێکە لەناو ئەو هەموو برینە گەورەیەدا بەو مانایەی یادەوەری هەموو برینەکان نیە . لەبەر ئەوەی هەریەکە لەم برینانە بەشێکی چیرۆکەکەی لایەو ئەوەی نێو زەینی ئەو وێنە گشتییەکە نییە کە هەمووان رازی بکات. کەواتە پرۆسەیەکی دی دێتە پێشێ کە پرۆسەی کۆکردنەوەی ئەو یادەوەریانە و دۆزینەوەی کایەیەکە بۆ تۆمارکردنیان . رەنگە بەو پێیە گریمانی ئەوە بێتەپێشێ کە گوێگرتن لەبرینی یەکەم، گوێگرتن لەبرینی دووەم ، برینی سێ یەم، برینی چوارەم، و برینی هەزارەم پێکەوە ئەرکی ئەو کەسەیە کە دەیەوێت چوارچێوەیەک بۆ بەیەکەوە گرێدانی ئەم یادەوەریانە دابرێژێت . دەبێت ئەو گوێ لەسەرجەم ئەو چیرۆکانە بگرێت لەهەموو ئەمانە کۆ یادەوەریەک دروست بکات هەمووان لەبەردەمیدا وەک ئاوێنەیەکی رۆشن نیگاری خۆیانی تێدا ببیننەوە .بە گوزارشتێکی تر، ئەفرێنەر دەتوانێت بەشێک لە هەر چیرۆکێک وەبگرێت و لەگەڵ وردەکاری ئەوی دیدا بەیەکەوە گرێیان بدات تاکو وێنەیەکی گەورە بۆ ئەو برینە دروست ببێت و کۆی قوربانییەکان زامی خۆیانی تێدا ببیننەوە.ئەرکی ئەو نێوەندا بە نەمری هێشتنەوەی کۆیادەوەرییەک کە دەشێت گوتاری هەر گروپێکی ئیتنیکی یان ئاینی کە لەبەردەم جینۆسایدان پێک بهێنێت . ساتی گەیشتن بە چوارچێوەیەک بۆ کۆکردنەوەی ئەمانە ساتی دڵنیابوونە لەوەی لانی کەمی برین لەنێو قاڵبێکدا دارێژراوەو دەشێت پیشانی ئەوانی تر بدرێت . هەڵبەت هەنگاوی سەرەتا بمانەوێت یان نا هەنگاوی ئەدەب یان قاڵبێکی تایبەتە کە بونیادی گێرانەوە لەخۆ بگرێت و پاشان گەران بەشوێین نێوەندێک بۆ گۆرینی ئەو گێرانەوەیە بۆ وێنە . بەمانەیەکی دی گۆڕینی بونیادێکی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

دەلالی بنیاتنراو لەسەر بنچینەی زمان بۆ کایەیەکی تر کە لەمیانەی بەرهەمهێنانی وێنەوە لەپرۆسەی دەلالی نوێدا بەشداری دەکات .

بەو پێودانگە بێت ئیتر ئەرکی سینەما ، وەک نێوەندێکی والا بۆ بەرهەمهێنانی وێنە لە وێوە دەست پێدەکات کە چۆن ئەم چیرۆکە ئەگوێزرێتەوە بۆ نێو کایەیەکی تر، کایەک دەتوانێت جۆراوجۆرییەک لە دەربڕیندا دروست بکات .

بۆ ئەوەی گەران بۆ ئەو نێوەندە و بەرفرمان خستنی هەروا سانا و راگوزەر لێی نەروانێت دەتوانین رستێک پرسیار بخەینە بەردەم ئەو گریمانانەی دەشێت کۆدی ئەم بونیادەمان بۆ بکەنەوە .

ئایا ئەو دەمەی یادەوەری برینێک لەبەردەم وێنەیەکدا خۆی ڕووت دەکاتەوە دەیەوێت بەچی بگات ؟برین چۆن دەتوانێ خۆی خۆی بگۆڕێت بەوێنە؟ ئایا هێزی وێنە برین پەلکێشت دەکات و ناچاری دەکات پەنای بۆ بەرێت یاخو ئەوە سۆزی برینە وێنە بانگهێشتی پانتایەکانی خۆی دەکات ؟ لەنێوان ئەم دوانەیا کامە گریمان دروستترینە ؟ چ هێزێک دەتوانێ شرۆڤەی دروستی ئەو دۆخەبکات و کاری تێدا بکات ؟

دەکرێت بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە گریمانی خۆمان بخەینە ڕوو و و بەپشتبەستن بە ئەزموون و سەرچاوەکان بتوانین بیسەلمێننین کە لانی کەمی حەقیقەت لەوە گریمانەوە سەرچاوە دەگرێت .

با گریمانی ئەوە بکەین ئەوەی کە دەتوانێت ئەم نێوەندە بەیەکتری بگەیەنێت فیلمسازە ، ئەوە کە دەتوانێ سۆزی برین و هێزی وێنە پێکەوە ببەستێتەوە ، سۆزی برین دەتوانێت وێنە بانگ بکات کە کەرەستەیە بەدەست فیلمسازەوە بەو مانایای سانایە بۆ سۆزی برین وێنە رابکێشێت بەرەو کایە سەرنجبەرەکانی خۆی و هاوکات هێزی وێنەش دەتوانێت برین ناچار بکات پەنای بۆ بەرێت.

بەدڵنیایی ئەوە کاری فیلم سازە بێتە ئەو نێوەندەی سۆزی برین بە وێنە بگەیەنێت و هێزی وێنەش بۆ برین رام بکات . ئەو کردەیە کاتێک جێبەجێ دەبێت کە لە نێوان ئەم دوو پێکهاتەدا فیلمسازێک بە هۆشیاریەکی مەبەستگەرایی جیاوازەوە و بەکەرەستەکانی بەرهەمهێنانی دۆخی گونجاوی گوزارشتەوە وەستابێت تابتوانێت ئەم پرۆسێسە بگەێنێتە دوا ئاکام . ئاخۆ بە وێناکردنی برین و گۆڕینی وێنەکانی ناو یادەوەری کە هەندێکیان وێنەی مەجازین دەتوانین دۆخی ئەفراندنێک بخولقێ بۆ گوزارشتکردن لەو گوتارەی بریندار هەیەتی ؟ چۆن دەتوانین ئەم وێنە مەجازینە بگۆڕین بۆ وێنەی راستەقینە کاتێک لەوە دڵنیاین کە گەلێک جار یادەوەری ئێمە بەشێوازێکی تر گوزارشت لە وێنە دەکات ؟! کامە رێگا دەربازمان دەکات بۆ ئەوەی بتوانین ئەم وێنە مەجازییە بگۆڕین بۆ وێنەیەکی ریالیستی یان وێنەیەکی راستەقینە؟ گەر بەپێی گریمانەکانی ڕابردوو کە کارمان لەسەر کردووە پرسیارەک دابڕێژینەوە دەتوانین بپرسین یادەوەری برین چۆن دەکەوێتە ناو دیارەوە ؟

ڕۆلان پارت وا دەبینێت کە (دۆخی گرتنی وێنە دۆخێکە کە خودی وێنەگیراوەکە لە ئۆبجێکتەوە دەگۆڕێت بۆ سەبجێکت ، لەخودەوە ئەیگۆڕێت بۆ بابەت)( Barthes : 1982: 21 ) ئەگەر ئەو وێنەگیراوە برینێک بێت کاتێک ئێمە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

وێنەی ئەگرین ئەگەر ئەوە خودێکی داخراوی تایبەت بێت لەدۆخی وێناکردنیا ئەگۆڕێت بۆ سەبجێکت مانای له خودەوە ئەبێتە بابەت . چونکە وەک پێشتر کە پەنهان بووە بەتەنها کەسێک تەماشایی ناکات ، بەڵکو هەموو دنیا دەتوانێت ئەو وێنەیە ببینێت کە پێشتر ئەمە لەناو خوددا ماوەتەوەو برینەکە بەتەنها خۆی بووە و خۆی بەڕوی ئەوانی تردا داخستووە . بەڵام کاتێک پرۆسەی وێناکردن دێتە پێشەوە ، هەر وێنەیەکی ئەم برینە دەگرێت دەتوانێت ئەم وێنەیە بەهەموو دنیادا بڵاو بێتەوە. کەواتە ، دۆخی بەرهەمهێنانی وێنە دۆخی گۆرانکاریە لە ئۆبجێکتەوە کە دەشێت پێیەکی لەناو نادیارا بێت بۆ سەبجێکت کە پێیەکی لەناو دیاردایە .

بەدەربڕینێکی ساناتر گەر بپرسین ئاخۆ خودی کرداری وێنەگرتن یان بەرهەمهێنانی وێنە چیە لە دۆخی بریندا ؟ بە هەموو پێوانەکان ئەم برینە لەناو خودادایە ، خودیش پێیەکی لەناو نادیاردایە ، ( ژیانی دەرونی ئێمە لە شتێکی نادیار دەچێت کە لەشوێنێکدایە لەپشت جەستە زیندوەکانەوە )( مارلبونتی :٢٠٠٨: ٧٣) . خودی نادیار یادەوەری نادیار پاڵپشتی لێدەکات ، لەهەردوو دۆخەکەداسانا ناتوانێن بچینە ناو یادەوەری کەسەکانەوەو لێیان وەربگرین و ئەو نهێنیانە ئاشکرا بکەین کە رەنگە یادەوەری شوێنێکی دڵنیا بێت بۆ هەڵگرتنیان . کەواتە بەر لە پرۆسەی وێناکردن پرۆسەی دڵنیاکردنەوەی خود دەستپێدەکات دەربارەی ئەوەی ئەم وێنانەی نێو یادەوەری دەبێت لەو گەنجینە تاریکەدا نەمێنن و هەنگاوی تر بنێن . پرۆسیجەری وێنەگرتن کە گۆڕینی خود بێت بە بابەت گۆرینی ئۆبجێکت بێت بە سەبجێکت هەنگاوی هەڵگەڕانەوە بێت لە نادیار وجێهێشتنی ئەو کایەیە بێت بۆ دیارێک کە لانی کەمی دڵنیایی بۆ قوربانی دابین دەکات و ئەوەی بۆ دەسەلمێنێ کە هیچ کام لەو زانیاریانە لە دژی بەکار ناهێنرێت . ئەو دۆخە وا لە برین دەکات بێ ترس بپەڕێتەوە بۆ کایەیەکی تر کە دیارە ، دیار بەمانای ئەو دۆخەی برینێک دەتوانێت ڕوونتر پێناسەی خۆی بکات پانتایەکی کراوەتر لەو داخراوەیی کە پێشتر تیایە ژیاوە . هەڵبەتە ئەو کاتە ئەم پرۆسەیە دێتە دی کە زەینی برین لەوە تێدەگات کە ئەو بێدەنگی هەڵنەبژاردووە بەڵکو بێدەنگ کراوە .

جێی سەرنجە کە هەندێکجار برین بە خواستی خۆی دەیەوێت لەو پانتاییەدا بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بەدنیا بڵێت ئەوەتام، ئەوە منم، ئەوەتا لێرەم ، چونکە دەزانێت بوون بەسەبجێکت مانای گۆڕینی شوێنیشە لە پانتایی گشتیدا . جگە لەوە دەشێت شوێن وەک مانا مەجازییەکی بەرجەستە ببێت وبرین بڕواتە شوێنێکەوە کە ئەتوانین ناوی بنێنین نەمری . کەواتە ئەم یادەوەرییە دەتوانێت نەمر بێت ، لەبەرئەوەی لەناو نادیارەوە گواستمانەوە بۆ دیار واتە دەتوانین بیبەینە دۆخێکەوە کە دۆخی نەمرییە. لەیادەوری تاکەوە بۆ کۆیادەوری و دواتریش بۆ یادەوەرییەکی کۆسمۆپۆلیتانت ، هەمان ئەو دۆخەی برین لە سەربوردەکانی هۆلۆکۆستدا پێیدا تێپەڕ دەبێت بەڵام بە میکانیزمێکی جیاواز و لە دۆخێکی جیاوازتردا .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## وێنە وەک ئامرازی گوزارشتی بەهێز :

هەموو کات و سەردەمێک وێنە وەک ئامرازێکی بەهێزی گوزارشتکردنی نێو ژیانی مرۆڤەکان تەماشای کراوە ، بۆیە زۆرێک لەو مشتومڕانەی دەربارەی هێزی گوزارشتی وێنەن مێژوویەکیان هەیەو ژمارەیەکی باش لە بیریاران و ڕەخنەگران لەم کایەیەدا کاریان کردووە.

گەشەی قسە کردن لەسەر وێنە وەک زمانێک کە دەتوانێ بچێتە چوارچێوەی گوتارێکی بەرهەمهێنەوە بۆمانا و بە تایبەتیش لە دۆخی سینەمادا دەتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ کۆتایی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو کە لەکانودۆوە دەست پێدەکات بۆ ئەپل گانس تا دەگاتە بیلابالاش هەریەکەیان بەدوای یەکدا لەوەدەدوێن کە چۆن وێنە دەبێتە ئەلتەرناتیفی زمان . بۆنموونە بیلابالاش گرتە بەوشە و دیمەنیش بە ڕستە ناو دەبات. لە دیدی بالاشدا هەر گرتەیەکی سینەمایی وشەیەکە کە کۆمەڵێک گرتە بەیەکەوە ئەبەستێت ئەم کۆمەڵە وشەیە پێکەوە رستەیەک دروست دەکەن ئەو سکوێنسەی لەدوایدا دروست دەبێت هەمان ڕۆڵی زمان دەبینێت لە گەیاندی گوتاردا . فۆرمالیستە ڕووسەکان کە دوای ئەوان دێن و دڵبەندی ئەزموونی ئیزنیشتاینن ، بە جۆرێکی تر بایەخ بەشعرێتی سینەما دەدەن . لەدوای ئەوانیش کە ئەندریە بازان دەردەکەوێت دێتە سەر قسە کردن لەسەر سینەمایەکی جیاواز بە پرسیاری ئەوەی چۆن دەتوانین بەوێنەیەکی واقیعی راستەقینە خاڵی نەبێت لەشعریەتی سینەما گوزارشت لەدۆخی ئاوا بکەین ؟ کۆتایی شەستەکان ئەمبرتۆئیکۆ قسە لەسەر زمانی سینەما دەکات بەڵام کریستان میتز وردتر و قوڵتر دەچێتە نێو وەردەکارییەکانی زمانی سینەماوە .

میتز بەرەوڕووی تیۆری شوبهاندنی گرتە بە وشە و دیمەن بە رستە دەبێتەوە و وا دەبینێ کە (گرتەکان ناکۆتان بەڵام، وشەکان سنوردارن ،گرتەکان ئەفراندنی کەسانێکن بەڵام وشەکان خۆیان لە نێو زمان و فەرهەنگدان ، گرتەکان زانیاری زیاتر بەرهەمدێنن بەڵام ،وشەکان مانایەک یان زیاتر لەمانایەکیان هەیە ئەو زانیاریانەشی دەماندەنێ سنوردارن ) (فینتورا: ٢٠١٢: ٨ ) .کەواتە ناکرێت گرتە بە وشە بەراورد بکەین، بەو پێیە وێنەکان کە گرتەکان پێکدێنن دنیایەکی فراوانترن لەوەی کە زمان دەتوانێ لە گێڕانەوەیەکی سادە لە چوارچێوەی چیرۆکێکدا پێشکەشی بکات. ئەم راستییە هێزی وێنە لە گوزارشتدا دووپات دەکاتەوەو لەوەدڵنیامان دەکات کە ئەو نێوەندەی بۆ رزگارکردنی یادەوەری برین لە دۆخی بێدەنگی هەڵمانبژاردووە بژاردەیەکی دروستە.چونکە ( هەندێک جار هێزی وێنە لە هێزی ڕوداو زیاترە ، بە واتایەکی تر ئەو ستاتیکایەی وێنە دەیخاتە سەر ڕوداوو بایەخی ڕوداوو گەورەتر دەکات)( Baudrillard:2009:6)

کەواتە بە پشت بەستن بەو تێزە دەتوانین بڵێین ، گواستنەوەی یادەوەری برین لەنادیارەوە بۆ دیار دەبێت لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی وێنەدا بەرجەستە بکرێت، بەرهەمهێنانی وێنەش ئەگەر لە کایەیەک لەکایەکانی وێنەی جوڵاودا بێت ، دەتوانێت گوزارشتێکی زیاتر لەخودی کارەساتەکە بکات . بۆیە واڵاترین ڕێگا لە بەردەم فیلمسازدایە کە دۆخی برین


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

لە ئۆبجێکتەوە بگۆڕێت بۆ سەبجێکت بەڵام لە سەربنچینەیەکی زانستی و ورد کە ئەتوانێت بینەرێکی باشتر لەخۆی کۆبکاتەوە پەیامەکەش زۆر ڕونتر و باشتر بگەیێنێتە وەرگر .

هێزی هونەر لە ماناداان بەڕوداودا هێزێکی ئەفسونییە ، چونکە لەبنچینەدا ( هونەر توانایەکی ئەفسونی بە مرۆڤ دەبەخشێ بۆ فراوانکردنی ئاسۆکانی ڕوانین )( هشام معافە : ٢٠١٠ : ٣٧). ئەو هێزە بەبەردەوام کار لەسەر بەرهەمهێنانەوەیەکی جیاوازی واقیع دەکات و هەنگاوی زیاتر بەرەو دنیا ئاڵۆزەکەی حەقیقەت دەنێ و وەرگر دەخاتە سەرکەڵکەڵەی برواکردنێکی دروست بەوەی لەوێنە هونەرییەکاندا دەیبینێت توێژاڵەکە لەحەقیقەت . لەبەرئەوەی ( تەنها هونەر دەتوانێت گرەنتی نزیکبوونەوە لەحەقیقەتمان بۆ دەستەبەر بکات)( هشام معافە : ٢٠١٠ : ٣٨)

لەنێو کایەکانی هونەریشدا هونەری حەوتەم لەگەڵ ئەوەی هێشتا ئاشنایەتییەکی وەهای لەگەڵ پەیدا نەکراوە ، بەڵام بە هەموو پێودانگەکان سینەما بەهێزترین نێوەندی گوزارشتە چونکە وەک لویس دۆلۆک دەڵێت ( سینەما دەچێتە دەچێتە هەموو شوێنێک)( Luis Duluc : 1992 :112) بەو مانایەی سینەما توانستی گەیاندنی پەیام ، وێنە ، خواست و گوتاری هەیە بۆ هەموو ئەوانی تر و دەتوانێت هونەرێکی گەڕۆک بێت . سینەما ئەو فاکتەرە گرنگەی گوزارشتی دەست داهێنەرانە کە کایەکانی دی وەک ئەو هێزیان نییە ، بەمانایەکی دەی وەک رۆشیوتۆ کانۆدۆگوزارشتی لێدەکات ( سینەما ماناکانی گوزارشتی مرۆیی لەمیانەی وێنەوە کۆدەکاتەوە ، ئەوکردەیە پێشتر هونەری شێوەکاری و پەیکەرسازی بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن خاوەنی بوون ، بەڵام سینەما بەراستی زمانێکی جیهانی بەرهەم هێنا) Luis Duluc : 1992 :112).

یەکێک لە گرفتەکانی بەرهەمهێنانەوەی وێنەی ڕوداوەکانی رابردوو لەنێو کایەی هونەری کوردیدا ، سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی واقیعە ، یان کۆپی کردنەوەی رابردووە بەوردەکارییەکانیەوە ، وەک ئەوەی هونەر بیەوێت بڵێیت من تەنها وێنای ڕوداوەکان دەکەم و ئیدی ئەوەی لەبەردەمی وەرگردا ڕودەدات راستییە. وەلێ کەمدەستی تەکنیکی و گوزارشت لەبەردەم گەورەیی ئەو برینانەدا وا دەکات کە نەک وێنە راستەقینەکە نەگات ، بەڵکو بە شێوەیەکی شێواو دەردەبڕێت . لەهەندێک بەرهەمدا ئاستی بەرهەمهێنانی وێنە هێند نزم دەبێتەوە کە ئیدی خودی برین توشی جۆرێک لە بێ هیوایی دەکات . توانستی گێڕانەوە بە وێنە دەگاتە ئاستێک لە ساویلکەیی کە باسانایی بریندار لەوە تێدەگات کە ئەو بەرهەمە لە هەموو شێوازێکی ئەفراندن بەتاڵە و بەتەنها لە پێناو قسەکردنێکی کاتی لەسەر دۆخێک کە بووە بە خەمێکی گشتی بەرهەم هاتووە ، نەک لە قوڵییەکەوە کە دەبێت بۆ ئەو جۆرە لەبرین بەرهەم هاتبێت .

بەو پێودانگە یەکێکی دی لە گرفتەکانی بێدەنگ بوونی برین ، بڕوانەبوونێتی بەو توانستەی لەنێو نێوەندە هونەرییەکەدا هەیە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو مانایانەی ئەو دەیەوێت ، یان نەبوونی پارادایمێکی راستەقینە و جێی سەرنج تا برین پەلکێشی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو فاکتەرانەی دەتوانن لە پرۆسەی بوون بە سەبجێکتدا یارمەتی بدەن بکات . بۆیە یەکێک لەو ئەگەرانەی وێنە وەک نێوەندێکی گوزارشتی بەهێز دەخاتەگەڕ ، بەرهەمهێنانی فاکتێکە کە ئیدی برین بواری خۆلادان لێی نەبێت ، یان بونیادنانی پارادایمێکە کە بەبەردەوام ئەوە بەیادی برین بهێنێتەوە کە دەشێت بە وێنەکردنی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

ئەو بچێتەوە سەر هەمان ڕێچکە . دۆزینەوەی ئەو کۆدانەی بڕوا بە ئەو دەهێنێت خۆی ڕادەستی وێنە بکات. هەڵبەتە بانگهێشکردنی ئەندێشە بۆ فراوانکردنی ڕوانین لە برین و بەرهەمهێنانی وێنەیەکی جیاواز وەک ئەرکێکی گرنگ دێتە پێش چونکە ( ئەندێشە نێوەندێکە لە نێوان دەروون کەسەربەجیهانی نادیارە ، لەگەڵ هەست کە سەربەجیهانی دیارە ، ئەندێشە کۆگایەکە هێزەکانی دەروون کەرەستەی یەکەم و سەرەتایی خۆیانی لێوە دەخوازن ) (ادونیس :٢٠٠٦: ٩٢).

بەو پێیە بەشداری ئەندێشە هەنگاوێک لەنادیارەوە بۆ نێو دیارە و بەوشێوەیە وێنەیەک بەرهەم دێت بەلایەک دەروونی برین و لەلاکەی دی هەستەکانی ڕازی دەکات . ئەو دۆخەش باسانایی بۆ وەرگر دەگوێزرێتەوە . کەواتە بەرهەمهێنانی وێنەیەکی ڕاستەقینەی لەئەندێشە ئالاوەوە بەشێکی باش لەو گرفتە چارەسەر دەکات و بەرەو دیارێک دەمانبات کە بنەماکانی بەتەواوی جێگیرن و بەشی خۆش لەدنیای نادیارەوە هێناوە کە تێدا برین هەست بەجۆرێک لەدڵنیایی بکات . وێنە بەهێزی خۆیەوە لەهەموو سەردەمێکدا ئامادەیە ، لەم ڕۆژگارەی ئێمەشدا هەژموونێکی گەلێک مەزنی لەسەر ژیانی کۆمەلایەتی تاکەکانی هەر کۆمەڵێک جێهێشتوە ( وێنە بەشێوەیەکی ڕەمزی کۆنترۆلی ئەم سەردەمەی کردوە ئیتر ناتوانین دەربارەی وێنە و حەقیقەت یان میدیا و کۆمەڵ هیچ بڵێین ، هەموو ئەم دوانانە بەشێوەیەک ئالۆز بوون و بەیەکداچوون ، ئیتر گرانە هێلێکی جوێکەرەوە لەنێوانیاندا دابنێین )(Baudrillard:2009:16) . ئەم تێزەی بۆردیار لەزۆرینەی کۆمەڵە مرۆڤییەکانداحەقیقەتێکی بەرجەستەیە و پێویستی بەسەلماندن نییە . بۆیە بۆ دۆخی برینی کوردی ، ئێستا گونجاوترین کاتە . هەر وێناکردنەوەیەکی برین بەپێودانگێکی هونەری باڵا و لەسەر بنەمایەی دروست دەتوانێک ئەو خودە داخراوە بگۆرێتە گشتێکی کراوەوە دیار ، گەر خودی برین خۆشی ئەو نێوەندە( هەر فاکتەرێکی بەوێنەکردنی) ی لەبەردەستدا بێت دەتوانێت ئەو پەڕینەوەیە لە نادیارەوە بۆ دیار بکات ، دۆخی خۆی لە نەبینراوەوە بگوێزێتەوە بۆ بینراو و لەم سەردەمەی وێنە بەخێراترین کات بڵاو دەبێتەوە خۆی بکات بەنێو گەردووندا لە فراوانترین دەروازەکانییەوە ، میدیا و سۆشیاڵ میدیا بە نموونە .

## دەرئەنجام :

ئەگەر برینی کوردی وەک وێنەی برینەکانی تری دنیا تەماشا بکرێت و شیبکرێتەوە ، ئەگەری کرانەوەی زیاتری لەبەردەمدا دەبێت . بۆیە سەقامگیری دۆخی بریندار و خۆشکردنی زەمینەیەک بۆی تا تێیدا لەدۆخی داخراوی و نادیارییەوە هەنگاو بەرەو دیار بنێت کەیەکەم هەنگاوی دەربازبوونە لەو دۆخی داخرانە. هەڵبەت کاتێک متمانە بۆ برین دروست دەبێت کە دڵنیا بێت لەوەی ئەو نێوەندە هونەرییەی گوزارشت لەودەکات بە شێوازێکە لەدەرەوەی باو و هەموو ئەو پێشبینیانەش تێبپەڕێنی کە ئەو بۆ ئەو نێوەندە هەیەتی . بۆیە سینەما بە هێز و ئەفسونی خۆیە دەتوانێت باشترین فاکتەری گواستنەوەی یادەوری برین بێت، لە دۆخی نادیارە وە بۆ دۆخی دیار ،ئەویش ئەو کاتە دێتە دی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

کە برین لە سەبجێکتەوە دەگۆڕێت بۆ ئۆبجێکت ، وێنە گرەنتی ئەو گۆرانکارییەیە ، ئەو دەمەی برین قایل دەبێت بەوەی چیرۆکەکەی بگێرێتەوە و دواتر لەقاڵبێکی هونەری وادا دابرێژرێت کە بکرێتە وێنەیەکی جولاو ، وێنەیەک بەهەموو دنیا بڵێت ئەم برینە وا لەناخەوە تاکی کوردی هەلاهەلا کردووە ئێوە لێی بێ ئاگان . وێنەیەک لەگەڵ خۆی دنیا سەرقاڵی بیرکردنەوە بکات ، دواجار تاوانباران و ئەوانەشی پشتیوانیان بوون بخاتە بەردەم ئازارێکی ویژدانی گەورە ، ئازارێک ببێتە هەنجەتی دانپێنان بەوەی ئەوەی لە دژی کورد کراوە جینۆسایدە و دنیا قەرزاری پۆزشێکە. هەڵبەت لەم سەردەمەی جەنجاڵە بە وێنە ئەگەر تەماشاکردنی هەر وێنەیەک کەمتر دەبێتەوە ، بۆیە فیلمسازی کورد دەبێت بەشوێن ستایلێک لە وێنەوە بێت کە دەتوانێت سەرنجی دنیا بۆخۆی کێش بکات . فۆرمێک لە گوزارشت کە دەتوانێ لەلایەک ئازار جێ بکاتەوە و لەلەیەکی دیشەوە وەرگری دەرەوەی بازنە داخراوەکانی خۆرهەڵات کەمەندکێش بکات. بۆ بەدیهێنانی ئەمانە دەبێت  زمانێکی سینەمایی پوخت و بەهێز بەرهەم بهێنرێت بەتەواوی کەرەستەکانی پێکهێنانییەوە کە بتوانێ زەینی ئەوی تر ببزوێنێ ، ئەوی تر کە لەنێوەندەکانی خۆرئاوا بە هازاران وێنەی جۆراوجۆر دەورەدراوە . هەموو ئەمانە کاتێک دەتوانن سەرپێ بکەون کە فیلمسازی لە خەون و خولیایەکەوە بگۆڕێت بۆ پیشە ، پیشەیەک بە پێوەنگەکانی دنیا پرۆفێشناڵ و مەبەستگەرا . دەبێت ئەوەش لەبەرچاوبگیرێت کە بیرکردنەوەو مامەڵە لەگەڵ تێزی ئەکادیمی و بونیادنانی تێگەیشتنێکی تیۆری بۆ ئەو دۆخە جیاوازانە رێگەی باشتر و پانتایی والآتر لەبەردەم فیلمسازدا دەکاتەوە کە بە تێگەیشتنی جیاواز و وردتر مامەڵە لەگەڵ چەمکە  ئالۆزەکانی بێ دەنگی و بێدەنگکردندا بکات و بەرچاورۆشنتر لە کۆدە نهێنییەکانی ئەو نێوەندە دەڕوانێ .

هێزی تێگەیشتنی تیۆری هیچی کەمتر نییە لە توانستی تەکنیکی و دیدگای فیلمساز ، چونکە ئەو تێگەیشتنەیە جیهانبینی فیلساز بەرەو فراوانبوونی زیاتر دەبات و دەیکات بە دیدێکی ئامادەتر بۆ بەرهەمهێنانی وێنەیەکی فراوانتر . وێنەیەک لە لۆکاڵی دەربازی دەبێت و لەچوارچێوەی جیهانی بووندا خۆی دەبینێتەوە کە ئەوە ئامانجی سەرەکی مامەڵەکردنە لەگەڵ دۆخی بریندا . بۆیە کارکردنی لامسەلایی و بێ توێژینەوەی هەر فیلمسازێک دەکەوێتە ئەو دیو ئەو سستمەی پێویستە بۆ لانی کەمی دابینکردنی دۆخی دڵنیایی بۆ برین . ئەو دۆخەی کە برین دەخاتە سەرکەڵکەڵێی کرانەوە لەبەردەم ئەو فۆرمەی فیلمسازی دەیەوێت بۆ گوزارشتکردن لەو بەرهەمی بهێنێت .

بەهەموو پێودانگەکان کە لەم توێژینەوەیەوە دەستمان دەکەوێت ، ئەرکی فیلمسازە کە وردتە و بە پشتیوانی ئەو گەڕانە تیۆرییە لە وردەکارییەکانی برین و هەست و نەست و هەموو پێکهاتەکانی بکۆڵێتەوە و پاشان ئەو دەرئەنجامە بخاتە نێو فۆرمێکی هونەری باوەڕپێکراوە کە دەتوانێت ببێتە جێی سەرنجی خودی برین و هەموو ئەوانەشی لەدەرەوەی خودی برین تەماشای دەکەن .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# Memory of the wound:

# An attempt to interrogate invisible space

**Dilshad Mustafa Raheem Razawa**

Department of Film Making, Collage of Fine Arts , University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region –Iraq .

E-mail: **dilshad.razawa@univsul.edu.iq**

## Abstract:

The power of silence, however, it might attend an invisible discourse framework, it goes further to the sphere of killing the opportunity of exploring the invisibility codes. Exploring the space that has been explored previously, there was a simple narrative of the victims' stories, that could help the researcher go much deeper through different kinds of concepts that could help in the interpretation process, or create an intentional approach for the sake of the victims' subjectivities and opening wider space for its appearance.

In other words, to get out of the limitations of silence we must appropriate several terms from different context to help us face its hegemony and embarking in its strong boundaries. For instance, when we simply look at an image, we do not know the intention or purpose of the image (photograph in particular) is the process of perpetuating the moment of taking it, or to freeze the time in the moment of any process. We do not look at the circumstances and the situation that produces the image, as far as our focus goes to the faces and components within the image. This mainstream and simple comprehension is a clear sign of a lack of understanding to the image's language. That language helps to show what is touring inside who has been captured, who simply says: I was there.

This study tries to find the keys that give the power of expression to the image, so that it can represent the wounded's memory, therefore, starts to convey it through a carefully deliberated process from invisible to visible, from narrative to imagery.
Dealing with the memory of wounds spreading on the Kurdish body needs a different type of approach, in a way that has not been explored previously. Explore through different means away from the prevalent and familiarity. The researcher believes that taking benefit from the experience of others in the process of representing the wounded can help in the elimination of hesitancy domination and incursion into other more open spaces by exploring a set of criteria and factors that form other extents of expression such as motion picture, cinema for example.

From this standpoint, we find that the process of representing the memory of the victims in the massacres of the Jews (The Holocaust) is the most successful process during the last century until nowadays. Therefore, taking into account how to take advantage of the methods and the forms that has been used in the Holocaust imagery process can take us to a broad and informed horizon.

This research tries to explore a way that can help the victims to get rid of psychological constraints and express themselves through a trustable medium that could be cinema. In the case of Kurds, exploring that type of cinema which can enhance the victims to narrate their stories without any restrictions.
**Key words:** Memory , Invisible space , Cinema , Silence **.**



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# ذاكرة الجرح محاولة لاستنطاق فضاء لامرئي

**دلشاد مصطفى رحيم** **قسم صناعة الأفلام ، كلية الفنون الجميلة ، جامعة السليمانية ، السليمانية ، إقليم كردستان - العراق.**

**البريد الإلكتروني :** dilshad.razawa@univsul.edu.iq

**الملخص:**

قوه الصمت مع انها تدخل ضمن إطار خطاب اللامرئي، تصل احيانا الى مستوى قتل الفرصة التي تتاح امام فتح هذه الشفرات اللامرئية. لذا ان استنطاق هذا الفضاء الذي كل ما نطق به من قبل لم يكن الا سرد سطحي و بسيط لقصص الجرح، يتيح للباحث ان يتوغل بعمق في مجموعة مفاهيم خارجية تساعد في عملية التأويل ، او خلق مقاربة قصدية في خدمة ذاتية الجرح و فتح مجالات اوسع امامه .

بتعبير آخر، للتخلص من قيود الصمت يجب ان نستعير مصطلحات متعددة من انساق اخرى لتساعدنا في التمكن من الوقوف امام جبره واقتحام اسواره المنيعة. على سبيل المثال لا الحصر، فعندما ننظر ببساطة الى صورة ما، كاننا لا ندرك بان المقصود في الصورة (الصورة الفوتوغرافية) بالذات هي عملية تخليد لحظة اخذها. او لتثبيت الزمن في لحظة حدوث شيء ما. اننا لا ننظر بعمق الى الظروف و الحالة التي تنتج الصورة بقدر ما ينصب تركيزنا على الوجوه و المكونات الموجودة داخل الصورة، تلك النظرة السائدة و السطحية هي علامة واضحة لعدم فهم لغة الصورة. تلك الغة التي تساعد على اضهار ما يجول داخل الشخص المصور (بفتح الصاد وضم الميم) و الذي يقول ببساطة (انا كنت هناک) .

تحاول هذه الدراسة ايجاد المفاتيح التي تمنح قوة التعبير للصورة حتى تتمكن من تجسيد ذاكرة الجرح ، و تبدأ بتحويلها من خلال عملية مدروسة بدقة من اللامرئي الى مرئي ، من سردي الى صوري .

ان التعامل مع ذاكرة الجروح التي تتنتشر على الجسد الكردي، بحاجة الى نوع اخر من الكشف لم يتطرق اليه أحد من قبل و البحث بوسائل مغايرة بعيدا عن السائد والمألوف. يرى الباحث بان اللجوء الى تجارب الاخرين في عملية تجسيد الجرح يمكن ان يساعد في التخلص من هيمنة التردد والتوغل في مساحات اخرى أكثر انفتاحا من خلال البحث عن جملة من المعايير والعوامل التي تشكل مجالات مغايرة للتعبير كالصورة المتحركة (السينما) مثلا. ومن هذا المنطلق نجد ان عملية تحويل ذاكرة الجرح في مجازر اليهود (The Holocaust) من انجح ما تم خلال القرنين. لذا الاخذ بعين الاعتبار كيفية الاستفادة من الطرق والمناهج المستخدمة التي يمكنها الاخذ بنا الى افاق واسعة ومستنيرة تفيد اهداف البحث .

ان هذا البحث يقصد كشف الطريقة التي يمكن أن تساعد الجرح في التخلص من القيود النفسية والتعبير عن نفسه من خلال وسيط موثوق يمكن أن يكون السينما. في النموذج الكردي، خلق شكل سينمائي الذي يمكن أن يحث الضحايا لسرد قصصهم دون أية قيود يكون بمثابة الحل للتخلص من هيمنة الصمت.

**الكلمات الدالة:** الذاكرة ، الفضاء الامرئي ، السينما ، الصمت.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**سەرچاوەکان:**

ادونيس (2006) الصوفيه و السورياليه ط2 ، دار الساقى ,بيروت.

بونتي ، موريس مارلو ( ٢٠٠٨) المرئي و اللامرئي . ترجمة و تقديم د. عبدالعزيز العيادي ، المنظمة العربية للترجمة . بيروت .

خطاب ، ناصر و الحديدي ، منى( ٢٠٠٨) تعليم التفكير لذوي صعوبات التعلم ط 7 دار اليازوري العلمية للنشر و التوزيع . الأردن.

دروزة ،أفنان نظير( ٢٠٠٤). أساسيات في علم النفس التربوي .عمان ، الأردن .دار الشروق للنشر و التوزيع.

فينتورا ، فرانس (٢٠١٢) الخطاب السينمائى ، لغة الصورة .ترجمة علاء شنانة ، منشورات وزارة الثقافة ، دمشق .

محمود ، ابراهيم . (٢٠٠٢) جماليات الصمت : فى اصل المخفي و المكبوت . مركز الانماء الحضاري . دمشق .

معافه ، هشام( ٢٠١٠ ) التاويل و الفن عند هانس جورج غادامير . منشورات الاختلاف.

مصطفى ، بدرالدين ، تحولات الصورة من الواقعي إلى المجازي ، مجلةالفكر الثقافية. 2015-11-17 . نشر فى موقع http://www.fikrmag.com/article_details.php?article_id=222

عياد ، عبدالقادر )٢٠١٦ .(فاعلية الذاكرة المستندة إلى استراتيجيات ما وراء المعرفة في التحصيل الدراسي لدى تلاميذ الطور الابتدائي . رسالة ماجستير مقدمة الى جامعة ابى بكر بلقايد ، تلسمان ،الجزائر .

Aumont, J& others (1992) *Aesthetics Of Film* . Translated and revised by Richard Neupert. University of Texas Press.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

Barthes ،Roland ( 1982) *Camera Lucida: Reflections on Photography* . Translated by : Richard Howard . Hill and Wang , NewYork .

Baudrillard، Jean( (2009) *Why Hasn't Everything Already Disappeared*? Alain Willaume (Photographer), Chris Turner (Translator)._Seagull Books. London ,New York ,Calcutta.

De Felice, R. (1976). *Fascism*. New York: Routledge, retrieved from : https://doi.org/10.4324/9780203792087

Hutton, P. (1993) *History as an Art of Memory*. Hanover: University of New England Press.

Segev, T. (1993).*The Seventh Million: The Israelis and the Holocaust*. New York:Hill &Wang.